## بۆچی تورکیا دەستی بەسەر کتێبەکانی (کۆمەک) دا گرت ... هۆمەر قەرەداغی



کۆمەڵەکەمان، کۆمەڵەی (کۆمەک) کە کۆمەڵەیەکی منداڵدۆستی کوردستانیە ماوەی دە ساڵە لە سوید دەسبەکارە، 1200 کتێبی کوردی کری بە نرخی 8000 دۆلار. کتێبەکان زۆربەیان کتێبی منداڵانن و لە سویدیەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و لە سوید چاپکراون. بە مەبەستی دروستکردنی کتێبخانەی کوردی لە شاری باتمان لە کوردستانی باکوور، ویستمان کتێبەکانمان بەهۆی کۆمپانیەکی سویدییەوە، بە ڕێگەی ئەستەنبوڵدا بۆ کوردستان بنێرینەوە.

تا ئەستەنبوڵ کتێبەکانمان هیچ گرفتێکی نەهاتە ڕێگا. بەڵام لە گەڵ گەیشتنی کتێبەکان بۆ فرۆکەخانەی شاری ئەستەنبوڵ تورکەکان دەستیان بەسەر کتێبەکاندا گرت و ڕێگەیان لەوە گرت کە کتێبەکان بەرەو باتمان بنێرین. بۆ دەستیان بەسەردا گرت؟ ئەوە پرسیارەکەی ئێمەیە. باڵیۆزخانەی سوید لە ئەنقەرە دەڵێت لە بەرئەوەی بەڵگەنامەی گومرگمان تەواو نییە. تورکیا دەڵێت نازانین کتێبەکان چین و دەبێت دڵنیابین کە هیچ سووکایەتیەکی بەرانبەر کەمال ئەتاتورک و دەوڵەتی تورکیای تێدا نییە.

مێدیای سویدی ڕۆشنایی زۆر خستە سەر دەستبەسەردا گرتنی کتێبەکانمان. لە ڕۆژنامە گەورەکانی سوید وەک Dagens Nyheter و Aftonbladet وSvenska Dagbladet وUppsala nya bladet ، هەروەها تەلەفیزیۆنی سویدی هەواڵەکە بڵاوکرایەوە. چەند ئەندام پەرلەمانێکی پەرلەمانی سوید و پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا نامەیان بۆ باڵیۆزی تورکیا لە سوید نوسی و پرسیویانە کە بۆ ناهێڵن کتێبەکان لە ئەستەنبولەوە بۆ باکووری کوردستان بچێت، هەروەها باسیان لەوە کردوە کە ئەم کێشەیە دەگەیەننە پەرلەمانی ئەوروپا.

ئەم هەواڵە لە PUKMedia و پەیامنێر دا بڵاوبۆتەوەو هیوادارین ڕۆژنامەکانی کوردستانی باشووریش دەنگی خنکێنراوی کتێبەکانمان بە خەڵکی کوردستان.

زۆرکەس دەپرسسێت کتێبەکانی کۆمەک بۆ گیراون، بۆ دۆکومێنتەکان بە باشی نەنوسراون.

بە بۆچوونی من دەستبەسەراگرتنی کتێبەکانمان لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە پەیوەندی بە بوون و نەبوونی دۆکۆمینتەوە نییە. کتێبەکان بە زمانی شیرینی کوردی نووسراون بۆیە گیران. ئێمە دەمانەوێ ئەم ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە بە مێدیا و پەرلەمانی سوید و ئەوروپا بگەیەنین.